# قاسپە لەشاخ نەبێ دەمرێ

شاهـۆتۆفیق

لە لالەزاردا گوڵێک و,
لە ئاسماندا مەلێک و,
لەم زەمینەشدا؛ تۆم خۆشدەوێ...
لەزستاندا, کلووی بەفرو,
لەپایزدا کزەی"با" و,
لەبەهاری تەمەنیشدا؛ هەربۆنی ئاسودەگی تۆم پێدەکەوێ.
هاوارەکان دەبنە چرپەو
دەبنە هەناسەو
دەبنە ئاخ و, دەبنە دەبنە...حەسرەت.
کێ گوێ لەترپەی دڵی هەوردەگرێ و,
بەهەناسەی بارانەوە خۆی مەستدەکات؛ گەرتۆنەبی..؟
ئەی ئەوە نیە تۆ....! باوەش بەئاسماندا دەکەیت و
بەلمی بیابانەکانی ئەوخواریخوارانە تینویەتی دەشکێنی!
ئەی ئەوە نیەتۆ....! بەپۆشاکی خوێنەوە؛
سەمادەکەیت و,
بەهەلهەلەی شمشێرەوە خۆبادەدەی؟
ئاخروایە.....
چەم وکانی.. لەدەریادا دەخنکێن و, خرکەگوێزیش؛
بەرگەی ئارەقەی خورماناگرێ
چنار چاوی بەساراردا هەڵنایەو, شەماڵ لەوێ ناژی
قاسپە.., لەشاخ نەبێ دەمرێ
هەلۆ.., بەرزنەفڕێ دەگلـــــێ
ئەم هەموو لاوکە چۆن فێری زمانی دی دەبن و
ئەم حەیرانانە بۆ بێکەسدەکەن!!!
لەحەوشەی کام..خانوەقووڕی پێپەتیدا ڕێواس دەڕوێ!؟
لەهەناوی کام مەنجەنیقدا دەوەن بنوێ!
نیشتیمانم..!
تۆکەهێشتا چاوەکانت تێرخەونەبوون
هیواکانت پڕگوڵنەبوون

بۆچی دیسان بەدەستی زۆر تاوتدەکەن؟
وەک موتوربە, لەدارێکی بێ پیت و فەڕ چاکتدەکەن!

2004 ـ ئەڵمانیا